ڕاپۆرتەهەواڵێک لە سەر:

# کۆڕێکی کاک (حەمە دۆستان) و هەواڵێکی گرنگ

قادر نادر
ئەندامی چاک/سوید

لە سەر داوەتنامەی (گروپ نیت)ی پەرلەمانی سویدی، ڕۆژی 6/1 ئێوارەکۆڕێک بۆ نوسەر و ڕوناکبیری ناوداری گەلەکەمان و ئەندامی ڕێکخراوی چاک کاک (حەمە دۆستان)، لەسەر تاوانی ئەنفال و هەڵەبجە لە کتێبخانەی کوردی شاری ستۆکهۆلم دا، ساز کرا. شایەنی باسە ئەم گروپ نێتە لە مانگی مارتی ئەم سالدا دامەزراوە، کە لە 7 پارتی نێو پەرلە مانی سویدی ئێستا 6 یان ئە ندامە تیایە و بە هە ر 6 پارتیش لە کۆی 347 ئە ندام پە رلە مانی سویدی، 325 کورسییان هە یە#. ئامانجی سەرەکیشیان داکۆکی کردنە لە کێشەی کورد لە هە ر چوار پارچەکەدا.

ئامانج لە سازدانی ئەم کۆرە، زانیاری کۆکردنەوە بوو لەسەر تاوانی ئەنفال و هەڵەبجە، کە لە نوسەرێکی سویدیی و کوردیی و خە ڵکی هەڵەبجە ڕاستی ڕوداوە کە و بارودۆخی ئێستای پاشماوە کانی ئە نفال و هەڵەبجە بزانرێت.

بەر لە دەست پێکردنی کۆرەکە لەسەر داوای هەندێک ئەندام پەرلەمان، کاک نەدیم بەرپرسی کتێبخانەی ستۆکهۆلم ،کورتەیەکی لە سە ر کتێبخانەکە بۆ ئامادەبوان باس کرد، دواتر کاک حەمە دۆستان لە ماوەی نیوکاتژمێردا، کورتەیەکی لە مێژووی هەڵەبجە و واقیعی ڕوودانی کارەساتەکە و بارودۆخی خراپی خەڵکی هەلەبجە باس کرد، بەتایبەتی کاریگەریەکانی بەکارهێنانی ئەم چەکە، کە تا ئێستاش لە سەر ژیانی خەڵکی شارەکە ماوە، وەک نمونەش باسی ئەوەی کرد کە تائێستاش کاتێک منداڵان لەوێدا لەدایک دەبن، کاریگەریەکانی ئەم چەکەیان پێوە دیارە .

تەوەرێکی تری باسەکەش، مەسەلەی ئەنفال بوو، کە حەمە دۆستان زۆر بە ووردی چۆنیەتی کارەساتی ئەنفالی کوردە فەیلیەکان و بارزانیەکانی بۆ گێرانەوە، دواتر هاتە سەر پرۆسەی ئەنفالی بەدناو کە لە ساڵی 1988دا ئەنجام دراوە.

لە یەکێک لە ئاخافتنەکانی ناوبراویش دا هەستا بە گێرانەوەی چیرۆکی ڕزگاربوونی تەیمور و باسکردنی ئەو ناسیاوەی کە 25 کەسی لە خێزانەکەی ئەنفال کراوە! تائێستاش ئەم هەمیشە چاوی لە دەرگایە کە یەکێکیان بگەرێتەوە و خۆی بکاتەوە بەماڵەوەدا. ئەمەش بووە هۆی دڵتەنگی هەندێک لە ئەندام پەرلەمانەکان.

ده بێت ئه وه ش بڵێین کاک حه مه دۆستان زۆر به ڕاشکاوی باسی ئه وه ی کرد که به داخه وه پاشماوه ی خه ڵکی ئه نفال و کیمیاباران کراو له ژێر ده سه ڵاتی حکومه تی کوردستاندا گرنگیه کی ئه و تۆیان پێ نه دراوه .

دواتر له لایەن ئەندام پەرلەمانەکانەوە پرسیارێکی زۆر له کاک حەمە دۆستان کرا و ئەویش زۆر بەراشکاوی وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی ئامادەبوانی دایەوە. پاشان کاتی نانخواردن هات، کە هەندێ خواردنی کوردی لەلایەن کتێبخانەی کوردیەوە ئامادە کرابوو.

پەیامنێری ڕادیۆی زایەڵەش کە ئامادەی بەشێکی زۆری دانیشتنەکە بوو ، هەندێک پرسیاری ئاڕاستەی ئەم (گروپ نێت)ە کرد، وە ک ئامانجتان چیە؟ چەند پارتن؟ کارەکانی ئێستا و ئەو ماوەیەی ئەنجامتان داوە، چی
بوون؟

هەواڵە گرنگەکە

بەر لە کۆتایی هاتنی دانیشتنەکەش بوارێکم وەرگرت و هەندێ پرسیارم لە (ئولە هوفمان) کرد، کە یەکێک لە و ئە نداما نە ی گروپ نێت بوو کە لە ڕۆژی 2006/5/18 لە نێو پە رلە مانی سویدد ا پێشوازی لە وە فدێکی ڕێکخراوی چاک کرد http://kurdistannet.biz/2006/5-2006/20-5/rekxrawi.pdf وە لە دۆستە نزیکە کانی کوردە و بەرپرسێکی پارتی چەپی سویدیە، کە ئایە بۆ ناساندنی ڕۆژی 16 /3 بە ڕۆژی دژ بە چەکی کۆمەڵکوژی جیهانی هەروەها مەسەلە ی ناردنی نامە بۆ حکومەتی سوید سەبارەت بە فرۆشتنی 18 کچی ئە نفالکراوی کورد بۆ وولاتی میسر، بە چ ئەنجامێک گە یشتونە؟ لە وەلامدا ئەم هەوالەی پێ ڕاگەیاندم کە وە ک پرەنسیب ئێستا لە 7 پارتە سەرەکیەکەی ناو پەڕلەمان 6 یان لەم گروپ نێتەن، ڕەزامەندیان لە سەر هەر دوو مەسەلەکە دە ربڕیوە.... لە درێژە ی ئاخافتنە کانیدا وتی، کە ئێوە وەک چاک هەوڵ بدەن هەمان داخوازی لە پەرلەمانەکانی تری ئەوروپی بکەن بۆ ئەوەی بتوانین لەنێو نەتەوە یەکگرتووەکانیشدا مە سە لە ی 16/ 3 بکەنە بڕیارێکی جیهانی ... لە وتەکانی (ئولە) وا پێدە چوو کە دەرچونی ئەو دوو بڕیارە مێژوییە بۆ گەلەکەمان تەنیا مەسەلەی کاتە، ئەگەرنا پەرلەمانتار و پارتە سویدیەکان ڕەزامەندی دەردەبڕن، بەڵام شێوەی داڕشتنی یاداشتەکە دەبێت گفتوگۆی لەسەر بکرێت، بەرلەوەی پێشکەش بە حکومەتی سویدی بکەین .. دوایین وتەشی ئەوە بوو، کە تۆ دەزانیت ئەم کارانە کاتی دەوێت بۆیە دەبێت کەمێك پشووتان درێژ بێت.

دەبێت ئە وە ش بڵێین، کە بەداخەوە تا ئێستا پەڕلەمان و حکومەتی کوردستان هیچ هەڵوێستێکی لەم چەشنەی نیە!!؟؟

#شایه نی باسه له کۆبونه وه ی 5/18 ئه وه به ئێمه ڕاگه یانرا که 3 پارتی سیاسی له م گروپ نێته به شداره به ڵام ئه م جاره ئوله هوفمان وتی 6 پارتن



دیمەنێک لە کۆڕەکەی کاک حەمە دۆستان
ئه م وێنه یه کامیرای کتێبخانەی کوردی/ ستۆکهۆڵم گیراوه